# خەون

شالاو
Shallaw1@hotmail.com

شەو لە خەوما
پەنجەکانم
لە ناو قژت ئالۆزکا بوو
کە بێدار بووم و ڕاچلەکیم
سەیری دەستەکانی خۆم کرد
هەرپێنج پەنجەم بەجێ مابوو

شەو لەخەوما
وەک پەپوولە
بە دیار چرای چاوەکانت باڵم دەگرت
کاتێ کە چاوت کردەوە
من گڕم گرت

شەو لە خەوما
سەرم لەپاڵ سەری تۆدا
لەسەر یەک سەرین دانابوو
دەستەکانم لەگەل قەدی
ناسکی تۆ
تێکئالابوو
بەلام کاتێ
کە ڕاچلەکیم
هەدوو دەستم بۆنی خوناویان گرتبوو
چەند دانەیەکیش قژی تۆ
لە سەرو پرچم ئالابوو
بۆیە منیش
بەر لەوەی چاوم لێک بنێم
کامێرای دڵ دادەنێم و
چاوەڕێتم هەموو شەوێ
من دڵنیام
هەر دەردەکەی لە خەوێ ...

* * *

فرمێسک

دڵۆپ دڵۆپ
من ئارەقی ئەم ووشانەم کرد بە شیعر
کە بۆ تۆم نارد
کە پایز هات بەم چاوانەم
ووشە ووشەم لەگەڵ گەڵای وەریوی گوڵ
دەدیت بەربات
خۆشەویستم دڵـــــــنیا بە
ڕۆژێ دادی
پۆلوی گەرمی یادگاریەکان
دەتسووتێنی و
ئەوەی منیش دەسووتێنی
چەند دڵۆپێک فرمێسکی سارد